پێوانەو هەڵسەنگاندن

دکتۆر کەریم شەریف قەرەچەتانی

2. پرسیارەکانی جووتکردن (بەیەك گەیاندن):

بڕگەودەستەواژەکانیپرسیارەکانی جووتکردن (بەیەك گەیاندن) لە دوو لیست پێکدێت، کە هەر لیستەی لە کۆمەڵێك ڕەگەز پێکدێت و پێویستە هەر ڕەگەزێك لە لیستی یەکەم گونجاو و جووت و تەبا بێت لەگەڵ یەکێك لە ڕەگەزەکانی لیستی دووهەم و یەکدی تەواو بکەن و پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوانیادا هەبێت، لەم جۆرە پرسیارەدا داوا لە فێرخواز دەکرێت کە لیستی یەکەم بخوێنێتەوەو بۆ هەر ڕەگەز و بەشێکی، ڕەگەز و بەشێکی دیکەی لە لیستی دووهەم بۆ هەڵبژێرێت. واتە پەیوەندی لەنێوان هەر یەك لە ڕەگەزەکانی لیستی یەکەم و ڕەگەزەکانی لیستی دووهەم بدۆزێتەوەو بەیەکیان بگەیەنێت.

لەم جۆرە پرسارەدا بە لیستی یەکەم دەگوترێت (پێشەکییەکان) و بە لیستی دووهەمیش دەگوترێت (وەڵامەکان) و هەردوو لیستەکەش بەشێوەیەکی ستوونی بەرامبەر یەکدی دادەنرێت، لای ڕاست بۆ پێشەکی و لای چەپیش بۆ وەڵامەکان. بەشێوەیەکی گشتی ژمارەکان (1,2,3 ......هتد) دەدرێت بە پێشەکیەکان و پیتەکانی (أ،ب،ج، ......هتد) دەدرێت بە وەڵامەکان.

بوارەکانی بەکارهێنانی پرسیارەکانی جووت کردن) (بەیەك گەیاندن):

ئەو جۆرە پرسیارانە گونجاون بۆ پێوانەکردن و هەڵسەنگاندنی ناسینەوەی ئەو زانیاریانەی کە پەیوەندییان بەیەکەوە هەیەو تەواو کەری یەکدین وەك (وشەو ماناکانیان) و (زاراوەو پێناسەکانیان) و (ڕووداوو مێژووەکانیان) و (نووسەر و بەرهەمەکانیان) و (داهێنەر و داهێنانەکانییان) و (زاناو تیۆرەکانیان)و (پێکهاتەی کیمیاوی و هێماکانیان) ..... هتد.

باشییەکانی ئەم جۆرە پرسیارانە:

1. دانانی ئەم جۆرە پرسیارانە ئاسانتر و خێراترە لە دانانی پرسیارەکانی هەڵبژاردن لەچەند دانەیەك، هەروەها ڕووبەر و شوێنی کەمتر لەسەر کاغەز (لەکاتی چاپکردن) داگیر دەکات و کاتی باشیش بۆ فێرخواز دەگەڕێنێتەوە لەکاتی خوێندنەوەو وەڵامدانەوەی ئەم جۆرە پرسیارانەدا.

2. ئەگەر وەڵامەکان گونجاو و لەبار بن بۆ پێشەکییەکان ئەواکەمتر بوار بە فێرخواز دەدات بۆ ئەوەی خەمڵاندن بکات و نمرەی بە ناهەق دەست بکەوێت، لە کاتێکدا لە پرسیاری ڕاست و هەڵە بە ئاسانی دەستی دەکەوێت.

کەموکورتییەکانی پرسیارەکانی جووتکردن (بەیەك گەیاندن):

1. ئەو توانستانەی ئەم جۆرە پرسیارانە پێوانەی دەکات کەم و سنووردارن و بۆ پێوانەکردنی توانستەکانی (پراکتیزەکردن و شیتەڵکردنەوەو هەڵسەنگاندن) ناگونجێت.

2. لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە پرسیارە پێویستی بە دوو لیست (کۆمەڵ) لە زانیاری هەیە کە پەیوەندی لە نێوانیاندا هەبێت و تەواوکەری یەکتر بن، بۆیە زۆر بە کەمی بەکاردەهێنرێت و بۆ زۆر بابەت گونجاو نییەو ناتوانێت پێوانەی یەکە بچووك و سەربەخۆکان بکات.

بنەماکانی دانانی پرسیاری جووتکردن (بەیەك گەیاندن):

1. پێویستە یەکەو بڕگەکانی پێشەکییەکان گونجاو و هاوڕێك بێت لەگەڵ بڕگەو یەکەکانی وەڵامەکان و تایبەت بن بە هەمان بابەت. کە لەوانەیە پێشەکی و وەڵامەکان تایبەت بن بە ڕووداوی مێژوویی نزیك لەیەك یان بەرهەم و داهێنانی ژمارەیەك زاناو داهێنەری یەك بواری زانستی.

2. نابێت ژمارەی پێشەکییەکان یەکسان بێت بە ژمارەی وەڵامەکان چونکە ئەمە دەبێتە هۆی زانینی دواهەمین دانە، دوای زانینی ئەوانی دی، لەبەر ئەوە ئەگەر پێشەکییەکان چوار دانە بوو ئەوا دەبێت وەڵامەکان پێنج دانە بن.

3. پێویستە تا دەتوانرێت دەبێت وەڵامەکان کورت و پوخت بن.

4. باشتر وایە کە ژمارەی پێشەکییەکان لەچوار دانە زیاتر نەبن و ژمارەی وەڵامەکانیش لە پێنج، و ناشبێت لە ئەوە کەمتر بن.

3. پرسیارەکانی هەڵبژاردن لەچەند دانەیەك :

بڕگەکانی ئەم جۆرە پرسیارانە تایبەتە بە گرفتێك کە لە ڕێگەی ڕستەیەکەوە یان زیاتر لە ڕستەیەك دەخرێتەروو کە پێی دەڵێن بناغەی

بڕگەکە ،دواتر لە بەرامبەر یان لە ژێر ئەو گرفتە ژمارەیەك وەڵام و ڕێگە چارە وەك (جێگرەوە) دادەنرێن کە یەکێك لەو وەڵامانە یان زیاتر لە وەڵامێك ڕاست و گونجاون ئینجا داوا لە فێرخواز دەکرێت کە ڕاسترین وەڵام یان ڕێگا چارەی گونجاو بۆ ئەو گرفتە هەڵبژێرێت، بە وەڵامەکان دەگوترێت (جێگرەکان) کە بەشێوەیەکی گشتی ژمارەیان لە نێوان (3 – 5) دانەیە. بناغەو بڕگەی سەرەکی بەشێوەی پرسیار یان لەسەر شێوەی بڕگەیەکی ناتەواو دادەڕێژرێت.

بوارەکانی پرسیارەکانی هەڵبژاردن لە چەند دانەیەك:

ئەم جۆرە پرسیارانە باشترین جۆری پرسیارەکانی بابەتین، هەر لەبەر ئەوەشە کە زۆربەی زیرەکی پێوە جیهانییەکان و تاقیکردنەوەو ئەزموونە گشتییەکان لەم جۆرە پرسیارەیەو بەزۆری بەکاردەهێنرێن، لەتوانای ئەم جۆرە پرسیارەدا هەیە کە پێوانەی زۆربەی توانستە ئەقڵییەکانی پۆلێنەکەی بلوم (یادکردنەوەی زانیارییەکان، تێگەیشتن، پراکتیزە کردنی پرانسیپ و گشتاندنەکان و تەنانەت شیتەڵکردنەوەی زانیاریەکانیش) بکات.

باشییەکانی پرسیارەکانی هەڵبژاردن لە چەند دانەیەك:

1. ئەم جۆرە پرسیارە پێوانەی زۆر توانستی ئەقڵی دەکات لە کاتێکدا کە پرسیارەکانی ڕاست و هەڵە یان بەیەك گەیاندن، ناتوانن پێوانەیان بکەن.

2. زۆر بە بابەتیانەو ڕاستگۆیانە هەڵەچنی وەڵامەکان دەکرێت.

3. ئەو جۆرە پرسیارە کەمتر لە ڕاست و هەڵە بوار و چانسی خەمڵاندنی تێدایە.

کەم و کورتیەکانی پرسیارەکانی هەڵبژاردن لە چەند دانەیەك:

1. دانان و ئامادەکردنی ئەم جۆرە پرسیارانە زەحمەتترە لە دانان و ئامادەکردنی پرسیاری ڕاست و هەڵەو بەیەك گەیاندن.

2. کاتێکی زۆری دەوێت بۆ خوێندنەوەو وەڵامدانەوەیان، ئەگەر بەراورد بکرێت بە پرسیارەکانی ڕاست و هەڵە .

3. ئەگەر بە ڕێژەیەکی کەمیش بێت، فێرخواز دەتوانێت خەملاندن بکات و هەندێك نمرە کە مافی خۆی نییە دەستی بکەوێت.

بنەماکانی ئامادەکردنی پرسیارەکانی هەڵبژاردن لە چەند دانەیەك:

a. **بنەماکانی تایبەت بە بڕگەی سەرەکی (ئەسڵی بڕگەکە):**

1. پێویستە بڕگەی سەرەکی واتە ئەسڵی بڕگەکە لەیەك گرفت و کێشە پێکبێت و فێرخواز بە ئاسانی لێی تێبگات.

2. پێویستە بڕگەی سەرەکی پوخت و کورت بێت و درێژداری و زیادەڕۆیی تێدا نەبێت.

3. ئەگەر پێویستی کرد بە وشەیەك یان زیاتر لە وشەیەك لە سەرەتای هەر وەڵامێك دووبارە بێتەوە، ئەوا دەبێت ئەو وشانە بۆ بڕگەی سەرەکی بگوێزرێتەوە.

4. باشترە کە نەرێ لەمجۆرە پرسیارەدا نەبێت، و ئەگەر تیایدا بوو ئەوا دەبێت هێڵێکی بەژێردا بهێنرێت، بۆئەوەی فێرخواز بەئاگابێت بۆی و نابێت بەهیچ شێوەیەك (نەرێ نەرێ) تێدابێت چونکە دەبێتەهۆی سەرلێشێواندنی فێرخواز بەتایبەتیش زیرەکەکان.

5. دەبێت ئاگاداری ڕێزمانی بین، واتە نابێت لەکاتی دانانی پرسیارەکان وشەیەکی تێدابێت کە ئاماژە بێت بۆ کۆ، لەهەمان کاتدا لە وەڵامەکاندا تەنها یەك دانە بەشێوەی (کۆ) هەبێت، کە ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی کە فێرخواز یەکسەر وەڵامی ڕاست بزانێت یان لەلایەکی دیکەوە ڕاناوی کەسی یەکەم لەهەردوولا هەبێت (پێشەکی و وەڵامەکان) (أحمد ، 1960، ص 443).

b. **بنەماکانی تایبەت بە وەڵامەکان (بدائل):**

1. پێویستە وەڵامەکان بەشێوەیەك دابڕێژرێت کە یەك وەڵامیان ڕاست بێت یان لەهەموویان ڕاستترو گونجاوتر بێت و مشتو مڕ و بگرەو بەردەی نەوێت.

2. پێویستە کەهەموو وەڵامەکان نزیکبن لەیەکتری و تەواوکەری یەکدی بن هەر هەموویان تایبەت بن بەهەمان بوارو گرفت، بۆنمونە هەر هەموویان تایبەت بن بەیەك قۆناغی مێژوویی یان ڕووداو یان یەك بواری زانستی یان یەك ناوچەی جوگرافی.

3. پێویستە وەڵامەکان بەجۆرێك دابڕێژرێن، کە فێرخواز وابزانێت هەرهەموویان ڕاستەو سەرنجی فێرخوازەکان بۆلای خۆی ڕابکێشێت.

4. پێویستە ئەو وشەو زاراوانەی لەوەڵامە هەڵەکاندا بەکاردەهێندرێت، ناسراو بن و فێرخواز پێیان نامۆ نەبێت و نزیك بن لە ئەو وشەو زاراوانەی کەلەوەڵامە ڕاستەکاندا بەکاردەهێنرێن.

پرسیاری زارەکی:

هەندێکجار پرسیارە نوسراوەکان (گوتاری و بابەتی) ئامانجی مامۆستا ناپێکێت، بۆیە ناچار دەبێت کەپەنا بۆ جۆرێکی دیکە لەپرسیار ببات ئەویش پرسیاری زارەکییە. پرسیاری زارەکی ئەو جۆرە پرسیارەیە کە خوێندنەوەو نوسینی تێدا بەکارناهێنرێت، بەڵکو تەنها پرسیار لە فێرخواز دەکرێت و

پێویستە فێرخواز بەدەم (زار) وەڵامی مامۆستا بداتەوە، ئیتر بەبێ ئەوەی یەك وشە بنوسێت یان بیخوێنێتەوە، بەزۆریش ئەم جۆرە پرسیارانە لەو شێوەیەیە کە وەڵامی درێژ یان کورتی پێویستە، بەدەگمەن لەوجۆرەیە کەوەڵام هەڵبژێرێت واتە (بابەتی) بێت.

بەزۆریش پرسیاری زارەکی تاکییە (فەردی) واتە لەیەك کاتدا پرسیار تەنها لەفێرخوازێك دەکرێت و ناتوانرێت بدرێت بە ژمارەیەك فێرخواز، لەبەرئەوەی وەڵامەکە دەزانێت و ئەوانی دیکەش هەمان وەڵام دەدەنەوە، هەرلەبەرئەوەشە ئەمجۆرە پرسیارانە ناتوانرێت هەڵسەنگاندنی گشتی بۆهەموو فێرخوازەکان بکات و بەیەکتریان بەراورد بکات، لەبەرئەوەی هەموویان وەڵامی چەند پرسیارێکی هاوبەش نادەنەوە، بەڵکو هەریەکەیان وەڵامی پرسیارێك دەداتەوە کەجیاوازە لەپرسیاری فێرخوازێکی دیکە، ئەمەش وادەکات کەپرسیاری هەندێك فێرخواز سووك بێت و هی هەندێکی دیکەیان قورس و ئەوانی دیکە مامناوەندی بێت، سەرەرای ئەوەش ئامانجی پرسیارەکان جیاواز دەبێت. هەرچەندە پرسیاری زارەکی ئەو کەم و کورتیانەی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستا هەر بەکاردەهێنرێت و رۆڵی خۆی هەیە لەپرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا و ناتوانرێت پشتگوێ بخرێت، لەبەرئەوەی تەنها ئامرازو کەرەستەیە بۆ پێوانەکردن و هەڵسەنگاندنی توانای قسەکردن و دەستنیشانکردنی کەم و کورتی زمان و پێوانەکردنی توانای فێربوونی منداڵی بچووك کەتوانای نوسینی نییە، هەروەها هەڵسەنگاندن و پێوانەکردنی تواناکانی کەسانی نەخوێندەوار.

پرسیاری پراکتیکی :

جۆرێکی دی لە پرسیار، کە وەك کەرەستەو پێوانەکار بەکاردەهێنرێت بۆ پێوانەکردن و هەڵسەنگاندنی توانای فێرخواز، پرسیاری پراکتیکییە. ئەمجۆرە پرسیارە گونجاوە بۆ پێوانەکردنی شارەزایی و کارامەییەکان کە پێویستە لە گۆرەپانی کارکردن و لەکاتی بەئاکام گەیاندنی چالاکییەکاندا بەرجەستەببن. بۆنمونە چالاکی و شارەزاییە وەرزشی و هونەری و پیشەسازی و کشتوکاڵییەکان ناتوانرێت لە رێگەی پرسیاری گوتاری و بابەتی و زارەکییەوە پێوانە بکرێن. بەڵکو دەبێت لە رێگەی پرسیاری پراکتیکییەوە و لە گۆرەپاندا پێوانەی شارەزایی و لێهاتوویی (وەرزشی، وێنەکێشان، مۆسیقا ژەنین، دروستکردنی نەخشە، کشتوکاڵ، پیشەسازی، چێشت لێنان، کاری دەستی، ماشێن لێخورین، چاپکردن، ...هتد).

چەند نمونەیەك بۆ پرسیاری گوتاری و بابەتی:

a. **پرسیاری گوتاری:**

1. جیاوازی چییە لە نێوان بۆچونەکانی فرۆید و بۆچوونەکانی سکینەر دەربارەی رۆڵی بایۆلۆژیی و ژینگە؟

2. باسی سوودەکانی بەنداوی دوکان بکە.

3. خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانی نێوان کۆمپیوتەرو مێشکی مرۆڤ چین؟

4. پێناسەی ئەمانەی خوارەوە بکە.

b. **پرسیارە بابەتییەکان:**

راست و هەڵە:

1. لەساڵی 1879 دەرونزانی بوو بەزانست. راستە هەڵەیە

2. ئاو لەسەد پلەی گەرمیدا دەکوڵێت. راستە هەڵەیە

3. هاوینەهەواری گەلی عەلی بەگ دەکەوێتە سنوری پارێزگاری دهۆك.

راستە

هەڵەیە

جووتکردن (بەیەك گەیاندن): ئەندامەکانی لەش

فەرمانەکانی

1. ددان

a. بیستن

2. چاو

b. بۆنکردن

3. گوێ

c. هەناسەدان

4. لوت

d. خواردن و لەتکردن

e. بینین

هەڵبژاردن لەچەند دانەیەك:

1. **نزیکترین هەسارە لەرۆژ لە کۆمەڵەی خۆر بریتییە لە:**

a. زەوی. b. عەتارد.

c. مەریخ. d. مشتەری.

2. **کام لەم زانایانەی خوارەوە سەربەرێبازی جەشتاڵتە:**

a. سکینەر. b. فرۆید.

c. کۆهلەر. d. بافلۆف.